پەنجەرە

Awene

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای ئاوێنە
سەرنوسەر: سەردار محەمەد



کوا لێکۆڵینەوەی یاسایی لەخوێنی کاوە گەرمیانی، سەردەشت عوسمان، سۆرانی مامە حەمە، عەبدولستار تاهیر؟

# ئاوێنەو هێرۆشیما

سەردار محەمەد

ئەمــڕۆ ئاوێنە خەڵات دەکرێت، چونکە لەماوەی یەک ســاڵی ڕابردودا، لەنێو هەمو میدیا نوســراوو بیستراوو بینراوو ئەلکترۆنییەکانی هەرێمی کوردســتاندا، زۆرترین کاری لەســەر دۆسیەی گەندەڵیو پێشێلکردنی یاســا کردوە، بەپێی پرۆژەیەک کە لەلایەن ڕێکخراوی ســتۆپ بۆ دژە گەندەڵی بەهاوکاری ڕێکخراوی NEDی ئەمەریکی ئامادەکراوە.

ئەمە جێی خۆشــحاڵیو شانازییە بۆ ئاوێنە، کە هەر لەســەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێســتا ئامانجێکی ســەرەکی گەیاندنی زانیاری بوە. بەسەرنجدان لەوەی لەدنیای ئەمڕۆدا "زانیاریی" یەکێکە لەســەرچاوەکانی دەسەڵات، بۆیە بەردەوام دەسەڵاتدارانی هەرێم ویســتویانە زانیارییەکان لەلای خۆیان بشــارنەوەو وەک هەمو سەرچاوەکانی دیکەی دەسەڵات لەگەڵ خەڵکیدا دابەشی نەکەن.

کوردســتان لەڕیزی هەرە پێشــەوەی وڵاتانی پڕ گەندەڵکاریــی جیهاندایە، ئەوەی لەبارەی گەندەڵییەوە بڵاوەکرێتەوە، ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمیی گەندەڵییە لەم هەرێمەی ئێمەدا، هەرێمێک کە بوە بە بەهەشتی چەتەکان، پڕە لەسیاسەتمەداری قۆڵبڕو درۆزن، پڕە لەمافیاو سەرمایەداری ساختە، پڕە لەمەلاو ڕۆژنامەنوسو ڕۆشنبیری فەرمیشکراو، پڕە لەتاوانی ڕێکخراوو ســەروەتو سامانی گشــتی بەئاشکراو بەنهێنی بەتاڵان دەبرێ بەبــێ ئەوەی هیچ لێپرســینەوەو ســزادانێک هەبێت. ئیتر چۆن هەمــو ئەوانەی لەم گەندەڵییانە سودمەندبون شــەڕ لەسەر مانەوەی "وەزعی مەوجود" ناکەن؟ ئاخر چی لەدەسەڵات خۆشترە لەوڵاتێکدا کە چاودێریو لێپرسینەوەی لەسەر نەبێت؟!

زۆرجار ئەو پرســیارە لەئاوێنە دەکرێت، میدیای ئەهلی توانی چی بکاو کێ گوێتان لێدەگرێت؟ دیارە خاوەنی ئەم پرســیارانە، تێناگەن قەبارەی گەندەڵیو پێشێلکردنی یاســا لەم هەرێمەدا چەند گەورەیە. ئاوێنە لەســایەی ئەم وێرانیی بەهای ئەخلاقیو تاڵانو بڕۆو پێشــێلکاریانەی یاسادا، تەنها بەقەد گســک بەدەستەکەی هێرۆشیمای پێدەکرێت.

کە ئەمەریکا یەکەمین بۆمبای ئەتۆمی نا بەهێرۆشــیماوە، زۆر دەگمەن بون ژمارەی ئەو کەســانەی گیانیان لەو کارەساتە بەساغی دەربازکرد، تاک تاکێک لەم ژێرزەمین یان لەو داروپەردوی بینا ڕوخاوەی شــاردا دەهاتنەدەرو دەحەپەســان لەوەی بەسەر شارەکەیان هاتبو، یەکێک لەڕزگاربوانی نێو داروپەردوی بینایەک کە پێشتر کارگوزاریی تیا دەکرد، دوای گەیشــتنە دەرگای دەرەوە، سەیری کرد هێشتا شتێک لەجێی خۆی ماوە، کە ئەویش گسکەکەی بو، ئەو گسکەی لەسەر عەردەکە هەڵگرتەوەو لەنێو ئەو وێرانە گەورەیەدا کەوتە گسکدانو پاککردنەوە.

لــەم کاتەدا ڕزگاربویەکی تر کە باوەڕی بەوە نەدەکرد چاوی دەیبینێ، بەرەو ڕوی هاتو هاواری لێکرد "خەریکی چیت؟ بەتەمای بەو گســکە بچوکەوە شەڕ لەگەڵ ئەم هەمو وێرانییە بکەیت؟"

وەڵامــی کابرا ئەوە بــو "جگە لەمە هیچی تر نازانم، بۆ ســەرلەنوێ بنیاتنانەوەی وێرانییەکان پێویستە لەشوێنێکەوە دەستپێبکەین".

ئێمەش وەک ئەو ڕزگاربوەی تەقینەوە ئەتۆمییەکەی هێرۆشیماین، جگە لەنوسینو وتن دەربارەی پێشێلکاریی یاساو پێشێلکاریی ئازادیو ئەو ناپەکسانیو نادادپەروەرییە گەورەیەی ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا ڕودەدات، کارێکی دیکە نازانین. هەرچەندە بەسەرنجدان لــەم واقیعە تاڵە کە باش دەزانیــن بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ئــەم هەمو وێرانییەدا، قەڵەمەکەمان لەگسکی ئەو ڕزگاربوە هێرۆشیماییە زیاتری پێناکرێت، بەڵام بونیشمان پێویســتو گرنگە، باوەڕی تەواویشــمان بەوەیە کە دەبێت کوردستان لەسەر بنەمای دیموکراسیو ئازادیو شەفافیەتو دادپەروەریو یەکسانی سەرلەنوێ بنیاتبنرێتەوە.


ریکلام

## پرۆژەی بەرزاییەکانی سلێمانی



پرۆژەی بەرزاییەکانی سلێمانی یەکێکە لەپرۆژە هاوچەرخو ناوازەکانی شاری سلێمانی کە بەشێوازێکی زۆر زانستیو سەردەمیانە بەکواڵیتی بەرز بەپێی هەموو ستانداردە جیهانیەکان جێبەجێ دەکرێت. وێڕای دۆخی خراپی ئابوری ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە لەکارکردن بەردەوامەو ڕانەوەستاوەو بەپێی پابەندبونی کڕیارەکان، خانو و شوقەکانیان ڕادەست دەکرێت، ئەمە سەرەرای بونی هەموو خزمەتگوزارییەکانی وەک (خوێندنگا ـ باخچەی ساوایان ـ دایەنگەو مارکێت)ی تایبەت بەپرۆژەکە تەواو کراون. تۆڕی ئاوو هێڵی کارەبای بەردەوامی پرۆژەکە تەواوکراوەو لێرەدا دەمانەوێت سەرنجتان ڕابکێشین بۆ وێنەی تەواوبوی یەکێک لەخانوەکانی ناو پرۆژەکە....
پرۆژەی بەرزاییەکانی سلێمانی
ناونیشان : سلێمانی / دەباشان
ژمارە تەلەفۆن: ٠٧٧٠٧٢٤٣٣٣٣









ریکلام

